# کــــچ لەنێـــوان زەمـــاوەنــدو قەیـــرەبووندا

زەماوەنـد بەیـەکێك لـە پرۆسـە گرنگـەکانی ژیـانی مرۆڤایـەتی دادەنرێـت، کـە خـاوەنی پێشـینەیەکی مێژوویـی قوڵـە، دیـارە لەگـەڵ تێپـەڕیبوونی مێژوو گۆڕانـی ژیـانی مرۆیـی لەسـەر زەوی زەماوەندیـش گۆڕانـی بەخۆیـەوە دیـوە، بـەپێی جۆراوجۆریٚ کۆمـەڵگاکانو جیـاوازی پێکهاتـەی کۆمەڵایـەتیان فۆرمـەکانی زەماوەنـدیش گـۆڕاوە، تـا هەنووکـەش ئـەم پرۆسـەیە بەردەوامـەو گرنگـی خۆی لەدەست نەداوە، بەهۆی بوونی چەند هۆکارێکەوە، لەوانە.

لەگـەڵ سـەرهەڵدانو دەسـت پێکردنـی سسـتمی موڵکایـەتی پرۆسـەی زەواج زیـاتر جێگرتـوو بـوو، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە تاك ئارەزوو دەکـات ببێتـە خـاوەنی وەچـە، لەبـەر ئـەوەی بەشـێوەیەك لەشـێوەکان وەچـە بـاوان دەپارێزن لەمەترسی دەوروپشتو هـەروەها لـەکاتی تەنگانـەوە ناخۆشـیەکانی ژیانـدا فریـاد ڕەسـی بـاوانن، هـەروەها هۆیـەکن بۆ بەدەست خسـتنی ئابوریـەکی بـاش، بەتایبـەت لەکۆمـەڵگای کشـتوکاڵیدا. هەروەهـا زەماوەنـد هۆکارێکـە بـۆ پاراسـتنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی لەلەناوچوون.

یـەکێکی تـر لـەهۆکارەکانی زەماوەنـد، خۆشەویسـتیەکە لـەنێوان ڕەگـەزی نێرو ڕەگـەزی مێ دروست دەبێت، جا هۆکاری ئەو خۆشەویستیە هەرچیـەك بێـت. دیـارە هۆکارەکـانی زەماوەنـد لـەلای مـێی جیـاوازە لـەهۆکارەکانی لـەلای ڕەگـەزی نـێر، هۆکاری گرنگی پرۆسـەی زەماوەنـدە لـەلای ڕەگـەزی مـێ. بـەڕای ئێمـە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم پاڵنەرانە لەوانەش:

خۆشەویسـتیە بەرامبـەر بەرەگەزەکەی تر، خۆشەویستی تاکـە هۆکارێکـە کـە مـرۆڤ دڵنیـا دەکـات لـەبوونی ژیـانو دەتوانێـت تـەنیایی ڕۆحی تاك بڕەوێنێتەوە.

یـەکێکی تـر لـەهۆکارەکان هەسـت کردنـی مـێ بـەزوڵمو نابەرامبـەری لـەچوارچێوەی خێزانەکـەیدا بەئومێـدی بەرقەراربوونی ژیانێکی ئارامو ئاسودە لەناو پرۆسەی زەواجدا.

پرۆسـەی زەواج لەزۆربـەی کۆمـەڵگاکانی دنیـادا بەتایبـەتی کۆمەڵگای سونەتی نیشانەی جوانیو کامڵی مرۆڤە.

یـەکێکی تـر لـەهۆکارەکانی زەماوەنـدن لـەلای ڕەگـەزی مـێی ڕاکـردنو ڕزگـاربوونی مـێ لـەزاراوەی قـەیرە، کـە لەکۆمـەڵگادا کەسی قەیر دەکەوێتـە ژێـر سـەرنجی کۆمـەڵگاو، بگـرە زۆر جاریش کەمو ناتەواو سـەیر دەکرێت.

ئـەوەی لـێرەدا دەمانەوێـت هەڵوێستەیەك لەبەرامبەری دا بکـەین. زاراوەی قەیرەیە.

سـەرەتا بـابزانین قـەیر کێیـە؟ وە کامانـەن ئـەو کەسـانەی کـە پێیـان دەوترێـت قـەیرە؟ ئایـا ئـەم زاراوەیـە شتێکی نوێیـە بەنیسبەت کۆمـەڵگاوە یـان خـاوەنی ڕەگوریشـاڵێکی قوڵـی مێژووییە؟

قـەیرە/ لەکۆمـەڵگای ئێمـەدا بـەم شـێوەیە ناسـراوە، هـەموو ئـەو کچانـە دەگرێتـەوە کـە تەمـەنیان گەیشـتۆتە نزیکـی چـل ساڵو بـەرەو سـەرو، کـە نەیانتوانیوە زەماوەند بکەن.

دیارە قـەیر زاراوەیـەکی نـوێ نیـەو هـەروا لـەخۆڕا نەهاتۆتـە نـاو فەرهـەنگی کۆمەڵایـەتی مرۆڤـەوە بەکۆمـەڵگای کوردیشـەوە، ئـەم زاراەیـە پێشـینەیەکی دێرینـی مێژوویـی هەیـە، سـەرەتاکەی دەگەڕێتـەوە بـۆ میسـۆلۆجیای بـابلیو سـۆمەرییو نەتـەوە سـەرەتاییەکانی تـر، بـۆ نمونـە لـەلای بابلیـەکان. "ئـەو کچـەی شـوو دەکات بەهەنگێك، باشترە لـەو کچـەی کـە دەژیو دوای مردنـی لەسـەر گۆڕەکەی ووشەی قەیرە دائەنرێت".

لـە ئیسـپارتا دەوڵـەت هەڵدەسـتێت بـەدیاری کردنـی تەمـەنی زەماوەنـد، هەر کەسێك لـەو تەمەنـەدا زەماوەنـدی نەکردایـە بـەتاوانبار دائـەنراو، لەچـەند مـافێـك بێبـەش دەکـرا لەوانـە مـافی هەڵبژاردن.

لای هندیەکان کە لەکتێبی "ملاذ الهنـود" دا هـاتووە هـەر پیاوێـك کچەکەی لەتەمەنی ١٢ ساڵی بەشوو نەدات وەکو ئەوە وایە خوێنی سوڕی مانگانەی کچەکەی مانگ لەدوای مانگ بخواتەوە.

لەکۆمـەڵگای ئێمەشـدا، ئـەو کچـەی کـە لەتەمـەنێکی دیـاریکراودا ناچێتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە هـەموو سـوڕێکی مانگانـەی وەکـو تاوانێك بۆ باوکەکەی ئەژمار دەکرێت.

**هۆکارەکــــانی بوونە قەیرە**

هۆکارەکـانی بوونـە قـەیرە لەکۆمـەڵگادا زۆرن، کـە بەشـێکی زۆری ئەو هۆکارانە لەدەرەوەی ویستی مـرۆڤنو تـاکی ئێمـە بەتایبـەتی ڕەگـەزی مـێ مـەحکوم دەکـەن بەقەیرەیی، لەو هۆکارانەش:

١- جوانـی لەزۆربـەی کۆمـەڵگاکانی دنیـا، بەمـەرجێکی سـەرەکی دادەنرێـت بـۆ زوو زەماوەندکردنی کچان، واتە هەر کچێك خـاوەنی ڕوخسـارێکی جـوانو جەستەیەکی لـەباربێت واتـە پڕاوپڕ بێتـەوە لەگـەڵ ئـەو پێوەرانـەی کـە کۆمەڵگا بەتایبەتی پیاوان داینا‌وە بۆ مرۆڤـی جـوان زیـاتر چانسـی زەماوەنـدیان هەیـە لـەو کچانـەی کـە ڕوخسـاریان ناشـرینە، چونکـە تـا هەنووکـەش زەماوەنـد (زواج) وەکـو حاڵـەتێکی مرۆیی سـەیر ناکرێت، کە تیایـدا دوو مـرۆڤ زۆر ئازادانـەو لـەڕێی ئـەقڵو ڕووحـەوە یـەکتریان هـەڵبژاردبێت، بـەڵکو بەپێچەوانەوە ئەم پرۆسـەیە لەزۆربـەی کۆمـەڵگاکانو کۆمـەڵگای ئێمـەش زیـاتر لەبازاڕێـك دەچێـت کەشمەکەکان تێدا پەیوەست دەبـن بەحاڵـەتی خواسـتو خستنەڕوو لەبـەر ئـەوەی ئـەو کچانـەی کـە کۆمـەڵگا پێیـان دەڵێـت ناشـرین دەمێننەوەو دەبن بەقیرە.

٢- بوونی چیرۆکی خۆشەویستی لـەنێوان کەسـەکاندا، بەتایبـەت ئەگـەر تەمـەنی ئـەم پەیوەندییـە درێژبێـتو دواجـاریش قـەدەر ببێتـە ڕێگرێـك لەبـەردەم گەیشـتنی ئـەم دووانـە بەیـەکتری، لـێرەوە کـچ ڕووبـەڕووی دۆخی قەیرە دەبێتەوە.

٣- زۆرجـار جیـاوازی ئـاینو جیـاوازی پلـەو پایـەی کۆمەڵایـەتی کچـان تووشـی حاڵـەتی قـەیرەیی دەکـات، ئـەم دیاردەیـە بەئاشکرابوونی هەیە لەکۆمـەڵگای ئێمـەدا، بەتایبـەت لەلایـەن ئـەو گروپـە کۆمەڵایەتیانـەی کە پێیان دەوترێت (ئاغاو بەگو شێخ) کـە ئامـادەنین کـچ بدەنـە کەسـانی دەرەوەی گروپەکەی خۆیان.

٤- هەوڵـدان بـۆ گەیشـتن بەزانیاریو فێربوون.

خوێنـدنو بەدەستهێنانی دوارۆژی ڕوونو ئـارەزوو بـۆ زانیـن بەیەکێـك لەدەسـتکەوتە گرنگـەکانی سـەردەم دائـەنرێت، کـە ناتوانرێـت تـاك دەسـتبەرداری بێـت، بەتایبـەت بەنیسـبەت ئافرەتـەوە کـە لـەڕێگای خوێندنەوە دەتوانێت ئایندەیەك بۆ خۆی مسـۆگەر بکـات بەتایبـەت لـەرووی ئابوریـەوە، بەڵام خوێندنو هەوڵدان بۆ زانیـن بەشـی زۆر تەمـەنو گـەنجی دەبـات بـۆ خـۆیو ئەمـەش دەبێتـە هۆکارێك بۆ قـەیرەیی بەشێکی زۆری ئافرەتان.

٥- بارودۆخی مرۆیی، لەزۆربەی کۆمـەڵگاکانی دنیـاو کۆمـەڵگای ئێمەشدا، تـاك بەتـەنیا خۆی بەرپرسە بەرامبەر ئەو نەهامەتیانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەمـەش بەهۆی کـەموکوڕی دەزگـا خزمەتگوزاریـەکان بەرامبـەر هاوڵاتیـان، بـۆ نمونـە لـەو خێزانانـەی کـە تێدا یـەکێك لەئەندامە سـەرەکیەکانی خـێزان کۆچـی دوایـی دەکـات، بەتایبـەتی (دایـك) ئـەرکو قورسـایی ئەندامـەکانی تـرو مـاڵ دەکەوێتە سەر شانی کچ بەتایبەت ئەو کچەی کە پێی دەوترێت کچە گەورە، کـە قوربـانی بەگـەنجێتیو توانـا جەستەییەکانی دەدات لەپێناو پاراستنو بـەخێوکردنی ئەندامـەکانی تـری خێزانەکەی، کە چەندین نمونەی لەم جۆرە بوونیان هەیە لەکۆمەڵگادا.

٦- باری ئابوری

بـاری ئـابوریش یەکێکـە لـەو هۆکارانـەی کـە دەوری هەیـە لـەزیادبوونی ڕێـژەی کەسانی قـەیرە لەکۆمەڵدا، چونکە ڕێورەسمی زەواج پێویستی بەبڕێکی باش لەپارە هەیە، ئەمـە لەکاتێکـدا کـە زۆربـەی کۆمـەڵگاکانو کۆمـەڵگای ئێمـەش، بەشـی زۆری لاوان بـێ کـارنو لەئاستێکی نزمـی ئابوریـدا دەژیـن، لەبەر ئەوە ژیانی زوگوردی بە باشتر دەزانن وەك لەژیانی هاوسەرگیری.

٧- دیـاری کردنـی جۆرێـك لـەژیانی میسالیانە لـەناو پرۆسـەی زەواجـدا، ئەگـەر ئـەم جـۆرە لـەژیان بەرجەسـتە نـەبوو کـچ ئامـادە نیـە زەماوەنـد بکـات بەشـێکی زۆری تەمـەنی بەم خولیا میسالیە لەدەست ئەدات، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە زۆری ئەو گرفتو کێشانەی کە لەناو خـودی پرۆسـەی زەواجدا ڕوو ئـەدەن، کچـان بـەگومان دەکـەن سـەبارەت بـەو پرۆسـەیە، نایانـەوێت هـەمان ئـەزمونی تاڵی ئەوانی دی دوبارە بکەنەوە.

**کۆچـــەر**



# زۆربـــوونی ســـۆزانییەکـــان لەنـــاو شـــاردا بـێمتمـــانەیـی لـەلای پیـاوان دروسـت کــردووە



کوردسـتان خـان لـەژمارە (١٤٢) دا، بابەتەکەتـەم بـەناوی (چیتـر بەمۆنیکاو پاترۆڵـەکانتان سوکایەتیمان پێ مەکەن)خوێندەوە.

دەستخۆشـیت لێدەکـەمو منیـش دەمەوێت چەند تێبینیو سەرنجێکم بۆ درێژکردنـەوەی ئـەم بابەتـەت هەبێـت کەدیاردەیـەکی لەمێژینەیـەو پێویستی بە تێڕامانو قسە لەسەرکردنێکی قوڵ هەیـە، کـەبێگومان زۆربـەمانی بێزارکـردووەو نـەك بـەئوتومبێل بگـرە جـاری واهەیـە لـەناو بـازاڕو شـوێنە گشـتییەکانیش قسـەو قسـەڵۆکو توانجی ناشرین دەگیرێتە ژنان، کاتێ پیـاوانیش دێنیتـە قسـەو سەرزەنشـتی ئـەو کارەیـان دەکـەیت دەڵێـن: کچـان خۆیان حەز بەتوانج دەکەن، لەبەرئەوەی جلوبـەرگو پۆشـاکی سـەیر دەپۆشـن، بـەڵام لەهەمانکاتـدا خوشـكو ژنو هەندێ جار دایکی خۆشیان هـەمان جـل دەپۆشـن.. کەواتـە لەکۆتاییـدا هەموومان بەشدارین لەم کۆمەڵگەیەدا ئیدی لە جلوبەرگدا بێت یاخود لەهەر ڕەفتـارێکی دیکـەدا، بۆیـە زۆربـەی زۆری کـارە نەشـیاوەکانیان ڕووی خۆیانو کەسوکاریشیان دەگرێتەوە..

بەڵام زۆربەی زۆری ئەو پاترۆڵو ئوتومبێـل لێخوڕانـە سـایەقی لێپرسـراوانو بەڕێوەبـەرو کەسـانی دەوڵەمەنـدن کـە بەداخـەوە دوای دەوام یـاخود کـەخاوەنی ئەسـڵی ئوتومبێلەکـەیان لەگـەڵ نـەبێت، ئـەو کارە نەشیاوو ناشرینانە ئەنجام دەدەن، بۆیە هەقوایـە خاوەنـەکانیان بەباشـیو بـەوردی چـاودێری بخەنەسـەر شۆفێرەکانیانو ئوتومبێل نەدەنە دەست کەسـانی لاوازی وەهـاوە کەبکەوێتـە گاڵتەجاڕی بەکێژانی سەرشەقامەکان، هـەروەها ئـەو ڕەفتـار نواندنانـەش پەیوەنـدی بەئاسـتی ڕۆشنبیری ئـەو شۆفێرەشەوە هەیـە کـەدڵنیام کەسانی نـەفس بـەرزو تێگەیشـتوو ڕۆشـنبیر هـەرگیز کـاری چـەوتی وەهایـان لێناوەشێتەوە..

لەگـەڵ کرانـەوەی کۆمەڵگـەو بەمـەدەنی بـوونو پێشـکەوتنی شـار هێشـتا ئـەم دیاردەیـە لەزیادبوونـدایـەو بـەرەو زیـاتربوون چـووە، کەمتـر نەبووەتەوە، بۆ؟ من بۆ ئەمـەیان چەند تێبینییـەكو گلەییەکیشـم هەیـە: بەداخـەوە بـەبیانوی ئاسـایشو ئـارامیو پێشـکەوتنی شـاری سـلێمانییەوە ئێسـتاکە لەزۆربـەی شارەکانەوە (ژنانێکی) لەشفرۆشی زۆر هاتونەتـە ئـەم دەڤـەرەوەو خەریکـە زۆر بەئاشـکراش بارگـەو بناغـە دادەنێـن لەگەڕەكو شوێنەکاندا، تەنانـەت کاتێ بـەناو بـازاڕو شـوێنە گشتییەکانیشـدا دەڕۆن، زۆر شـانازی بەخۆیانـەوە دەکەنو بگرە (پۆزیش) بەسـەر ژنانی تـردا لێـدەدەن، وەك نـەزانن ئـەوان جوانترین شت کەجەستەیانە دەیفرۆشن بەگورگە برسییەکانو سەرەڕای ئەوەش بەسـوك تێیـان دەڕوانرێـت، نـەك وەك حورمـەتی ژنو ئینسـانێك بـەمانای وشـە، سـەرباری مەترسـی توشـبوون بەنەخۆشـی مەترسـیدار لێیانـەوە، هـەروەها زۆربـەی زۆری پیاوانیش ڕوویان تێدەکەن، کەهەندێکیان ژنو خێزانیـان هەیـەو بگـرە ژنانێـك ئاگـادارن لـەوەی کـە مێردەکـەی هـاتووچۆی ئەوانـە دەکـات، سکاڵاو گلـەیی لەنێوانیانـدا دروسـت دەبێـتو ژیـانی خێزانیشـان لـێ دەشـێوێت، لەبەرئـەوە زۆربوونـی ئـەو سـۆزانیە هاتووانـەو سـۆزانییە کۆنـەکانی ناوشاریش وایکردووە بێ متمانەییەك بەرامبـەر گشـت ژنانێـك دروسـت بکـات... لەڕوانگـەو چـاوی ئـەوی پیـاوەوەو هـەر ژنێکی جوانـی دییـەوە ڕێکپۆش بێ یان هەرشێوە ژنێك کە سەرنج ڕاکێش بێت، بەچاوی ئەوانەوە سەیریان بکات. ئاسایی بێ بەلایەوە دەرگـای ئوتومبێلەکـەی بـۆ ژنێـك بکاتەوەو پێی بڵێ (وەرە با پیاسەیەك بکـەین)، یـاخود کـە سـەرکەوتە تەکسیەکەوە شـۆفێرەکە زاتـی ئـەوە بکـات داوای ژمـارەی مۆبایلەکـەی لـێ بکـات، ئـەوانی بێڕەحمیش تـەڕو وشـك بەیەکـەوە دەسـوتێننو هـەر ئەوانەیشـی کـە تـوانج لـەژنان دەدەن دڵنیام لەدایكو خوشكو ژنی خۆیشیان دڵیـان پیسـەو بگـرە بـۆ دەرەوەش بەدوایانەوە دەبن تائەوی نێری تر وەکو خـۆی نـەکات بەرامبـەر کەسـەکانی خۆی..

هـەروەها چارەسـەرێکی تـریش بۆ ئـەو توانجانـەی کەلەشـەقامە گشـتییەکانو شـوێنە قەرەباڵغەکانـدا ئاراسـتەی ژنـان دەکرێـت ئەوەیـە کـە چاکتر وایە وەزارەتی ناوخۆ، ئاسایشو پۆلیسـێکی زۆر بـەناو شـارو ئـەو شـوێنانەدا بڵاوبکاتـەوە، تـا لەنزیکـەوە چـاودێری کـارە خراپـەکان بکرێـت، بەتایبـەتی دوای هـاتنی کرێکـاری عـەرەبو کەسـانێکی زۆری گومـان لێکـراو، بێگومـان مەبەسـتم لەهـەموو ئەوانـە نییـەو بەداخـەوە هەنـدێکیان کاری زۆر ناشرین دەکەنو توانجی زۆر قـێزەون لەخـەڵکان دەدەنو بگـرە هەندێکجار دەست بۆ لەشی ژنانیش درێژدەکەن.

ژنـانیش پێویسـتە لـەکاتی هـەر دەستدرێژییەکدا بێدەنگ نەبنو گورج نزیکـترین ئاسـایشو پۆلیسـی سـەر شـەقامەکانی لـێ ئاگـادار بکەنـەوە، ئیـدی ئـەوانیش کـەمێك چاوترسـێن دەبن، یاخود ژمارەی ئوتومبیلەکانیان تۆمـار بکـەنو لـەبڵاوکراوەو ڕاگەیاندنەکانـەوە بڵاویـان بکەنـەوە تـابزانن ڕەقیبێـك هەیـە بـۆ ئـەو کـارە قێزەونانەو ترس بیانگرێت. کەواتە هەق دەسەندرێت نادرێت، بۆیە باشترە هەقی خۆمان بەسەر هیچ کەسێکی خراپو گەنـدەڵخوازەوە نـەهێڵین نـەك تەنهـا بەشـەفەهی داوای مـافو ئـەرکی خۆمـان بکـەین. پێموابێـت ئەوکاتـە ژنانێکی کەرامەت بەرزو بەئەمەك بە هـەموو جوانییەکانیـەوە جیادەبێتـەوە لەژنانی لەشفرۆش. ئەرکی حکومەتو دەسەڵاتیشـە چارەسـەرێ بـۆ کێشـەی سـۆزانییەکانیش بدۆزێتـەوە تاچیتـر مێینـە نەبێتـە پارووپـەکی چـەوری دەم گورگـە برسـییەکانو بـەبیانوی مەدەنیـەتو ئازادییـەوە ڕێگـە نـەدرێ ئەو کارە نەشیاوو ناشرینانە بەنهێنیو بگرە بەئاشکراییش ئەنجام بدرێت، تا ئەو ڕێزو حورمەتەی لەدێر زەمانەوە لەژن نـراوەو ئـەو جوانییانـەی لـەنێوان هەردوو ڕەگەزدا هەیە کاڵ نەبنەوەو متمانـە بگەڕێتـەوە نێـو تاکـەکانی کۆمەڵ.

**خەندە جەمال ڕەئووف**